# ئەمریکا خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕ لە دژی ئێران



راپۆرتی : فیلیپ شێروێل و تیم شیپمەن

بە پێی ئەو زانیارانەی دەست رۆژنامەی (دەیلی تێلێگراف)ی بەریتانی کەوتووە بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و کاربەستانی وەزارەتی بەرگری ئەم وڵاتە بڕوایان وایە کە سەرۆک کۆمار جۆرج بوش و راوێژکارانی خەریکی هەنگاونان بەرەو ئەنجادانی شەڕ لەگەڵ ئێران.

لە کاتێکدا ترسی ئەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ هێواشکردنەوەی هەوڵە ئەتۆمییەکانی ئێران شکست بێنن، پلان دارێژەرەکانی پێنتاگۆن لیستێکیان لە (2000) شوێن لە ناوەوەی ئێران، کە دەکرێ ئامانجی بۆمباران بن، ئامادەکردووە.

بەرپرسانی پێنتاگۆن و دەزگای هەواڵگری ئەمریکا پێیانوایە کە کۆشکی سپی دەستیان کردووە بە ئامادەکردنی پرۆگرامێکی ورد بۆ زیادکردنی گوشارەکان لەسەر ئێران، ئەم هەوڵانەش دەکرێ لە نمایشێکی سەربازی لە دژی ئێران کۆتاییان پێبێت.

بەم دواییانەش دەرکەوتووە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا "کۆندالیزا رایس"، کە پێشتر باوەڕی بە رێگەچارەی دیپلۆماتیک بۆ ئەم کێشەیە هەبووە، دژایەتییەکانی خۆی لەگەڵ چینیدا وەلاوە دەنێت و بۆ بیرۆکەی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەگەڵ چینیدا یەک بگرێتەوە.

یەکێک لە بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا دەربارەی چۆنێتی هێرش کردنە سەر ئێران بەم شێوەیە دوا کە " ئەو دەستێوەردانانەی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق و چەکدارکردنی میلیشیاکان، دەکرێ ئەنجامەکەی ئەوە بێت کە هەر لە رێگەی سنوورەکانی خۆیەوە کەمپەکانی راهێنانی میلیشیاکان و کارخانەی بۆمبەکانیان بۆمباران بکەین."

وەک سەرچاوە ئاگادارەکان باس دەکەن یەکێک لەسەرەکیترین ئامانجەکانی هێرشەکان بنکەی سەربازی فەجرە کە لە لایەن سوپای قودسی شۆڕشی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەبرێت و لە باشووری ئێراندا هەڵکەوتووە،ئاژانسەکانی هەواڵگری رۆژئاوا ئاماژە بەوە دەکەن کە بنکەی فەجر ئەو شوێنەیە کە تیایدا کەرتە جەنگییەکانی میلیشیاکانی تیادا بەرهەمدێت و رەوانەی عێراق دەکرێت بۆ ئەوەی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بەکاربهێنرێن.

بە پێی ئەو زانیارانەی لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە واشنتن دەست کەوتووە، ئەمریکییەکان ئاگاداری ئەوەش هەن کە لەوانەیە ئەم هێرشانە کاردانەوەی سەختی لەلایەن ئێرانییەکانەوە لێبکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بێتوو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی رووبدات ئەوە لەوانەیە ئێرانیش هێڵە نەوتییەکانی کەنداو ببەستێت.

بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی پێیانوایە بوش دەیەوێت پێش ئەوەی کۆشکی سپی جێبێڵێت گەرەنتی ئەوە بکات کە ئێران نابێتە وڵاتێک کە لە توانای دابێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێت.

سەرچاوەیەک لە دەرگای هەواڵگری ئەمریکا دەڵێت "کەس نازانێت لەو دیوی ئەم دیوارانەی کۆشکی سپییەوە چی روودەدات، بەڵام لە ناوەوەی دەزگای هەواڵگریدا زۆربەیان پێیانوایە رێگەی دیپلۆماسی شکستی هێناوە و بەرپرسانی پێنتاگۆنیش لەسەر هەمان بڕوان."

پێشتر بوش بەردەوام لە لایەن رەخنەگرەکانیانەوە تاوانبار دەکرا بەوەی خەریکی دارشتنی پلانێکە بۆ شەڕێکی نوێ لەگەڵ ئێران. لە کاتی جەنگی عێراقیدا ئەو بەرپرسانەی ناو پێنتاگۆن و سیا ژمارەیان کەم نەبوو کە دژی ئەم جەنگە بوون، بەڵام لە ئاست دەسەڵاتی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا "دیک چینی"دا هیچیان لە دەست نەدەهات.

وەک دەگوترێت چینی بە هێزترین پاڵپشتی ئەم بەرنامە نوێیەیە بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگیرێت کە ئەم وڵاتە ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، هاوپەیمانانی چینی ئەمە رەتدەکەنەوە، بەڵام وەک باس دەکرێت چینی تێگەیشتووە کە ئەگەر بێتوو بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران و ئەو ناوەندە سەربازییانەش کە میلیشیا و تیرۆریستانی تیادا رادەهێنرێت، دیاری بکرێن ئەوە هێرشی ئاسمانی دەکرێت ئەنجام بدرێت.

پێشکەوتنەکانی ئەم دواییەی عێراق ئەگەری ئەوەی بەرپرسانی پێنتاگۆن پێشبینی دەکەن زیاد دەکات، ژەنەراڵ پێترایۆس لەو وتارەی حەفتەی پێشوو لەبەر دەم کۆنگرێسدا پێشکەشی کرد کە تیایدا هەوڵی وەرگرتنی پشتیوانی کۆنگرێس بۆ شەڕی ناو بەغدای دەدا، هۆشداری "شەڕێکی نزیک" لەگەڵ ئێرانیشی دا.

لەم چەند رۆژەی دواییدا هێزەکانی ئەمریکا بڕیاری دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی لە بەسرەشیان راگەیاند، ئەم بنکەیە لە باشووری عێراق و لە نزیک سنووری ئێران-عێراق دەبێت، بۆ ئەوەی پێش بە هێنانی چەک بە قاچاخ لە ئێرانەوە بگرن.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە کۆشکی سپیش نزیکە بە رۆژنامەی دەیلی تیلیگرافی راگەیاند کە رایس، پاش ئەوەی گەیشتە ئەوە بڕوایەی کە رێگەچارەی دیپلۆماسی کاریگەری نەماوە پێیوایە کردارێکی سەربازی لە دژی ئێران زەروورییە، هەر بۆیەش لە هەوڵ دایە لەگەڵ دیک چینیدا بە دوو قۆڵی میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو لە پشت بوشەوە پێکبێنن.

سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە "کاتێک دەچیتە ناو کۆشکی سپییەوە لە بۆدی زمانی بەرپرسانەوە تێدەگەیت کە تا ئێستاش چینی هەر رێگەچارەی دیپلۆماسی پێ باشترە، بەڵام رایس گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی چیتر ئەم شێوازە کاریگەری نەماوە، ئەگینا ئێستاش هەر کاتێک زەروور بکات رایس ئامادەیە بچێتە سەر مێزی دانیشتن و دیپلۆماسی".

سەرچاوەکە بەم شێوەیە دەربارەی پەیوەندی چینی و رایس دوا و گوتی " هەردووکیان زۆر لە سەرۆک کۆمارەوە نزیکن، کاتێکیش جیاوازی بیرکردنەوە دەکەوێتە نێوانیان، ئەوە هەر دووکیان بە یەکەوە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی شوێنێک بدۆزنەوە کە بۆچوونی هەردووکیان تیایدا بەشدار بێت."

سەرچاوەکانی ناو کۆشکی سپی هەروەها باس لەوەش دەکەن کە ئەو شەڕ و دەمەقاڵەیەی لە نێوان "کۆلین پاوڵ" و "دۆناڵد رامسفێلد"دا بەر لە جەنگی عێراق هەبووە، لە نێوان رایس و چینیدا نییە.

رایس پێیوایە ئەگەر ئەمریکا تەنانەت بڕیاری جەنگ لەگەڵ ئێرانیش بدات ئەوە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چەند مانگێکی دەوێت، جیا لەوە دەبێ لە کۆنگرێسیش پەسند بکرێت.

بە پێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی "دەیلی تیلیگراف" کەوتوون، سەرۆک بوش بە شێوەیەکی تایبەت بەڵێنی بە رایس داوە کە بەر لەوەی بڕیاری هێرش کردنە سەر ئێران بدات لەگەڵ ئەندامانی سەرەکی کۆنگرێس هەر دوو حزبی کۆماری و دیموکرات کۆدەبێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا دایە کە رایسیش لە لایەن خۆیەوە هەڕەشەی دەست لە کار کێشانەوەی کردووە ئەگەر بێتوو ئەمە نەکرێت.

بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ئەوەشیان ئاشکرا کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە سوپای ئەمریکا " بە دوو پلانی سەرەکی" هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران ئەنجام بدات.

یەکێکیان ئەوەیە هێرشی ئاسمانی تەنها بۆ سەر بنکە ئەوتۆمییەکان بکرێت، دووەم بژار ئەوەیە پلانەکە لەمە فراوانتر بکرێت و هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر بنکە سەربازییە سەرەکییەکانی ئێرانیش بکرێت، بژاری دووەم لەوانەیە دوو تا سێ رۆژ بخایەنێت. وەک باس دەکرێت ژمارەی ئەو ئامانجانەی بۆ بۆمباران کردن، لەم پلانەدا هاتوون نزێکەی (2000) دانەن.

شایانی باسە ماوەیەک دەبێت دەنگۆی ئەم جۆرە پلانانە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکادا پەرەی سەندووە، لە لایەکەوە باس لە هێرشەکانی ئیسراییل بۆ سەر ئێران دەکرا، ئەمەش بە هۆی کۆمەڵێک تانکی پێشکەوتووەوە کە وەک نەوەی نوێی تانکە ئیسراییل لەقەڵەم دەدرێن. لە لایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی فەرانسا "بیرنارد کۆشنەر" لە لێدوانێکدا هۆشداری ئەوەیدا کە "ئەگەری رووداني خراپترین رێگەچارە، واتە جەنگ نزیک بۆتەوە". ئەم لێدوانەش بە سەختترین شێوە لە لایەن کار بەدەستانی ئێرانەوە وەڵامدرایەوە.

ئامادەکردنەوەی: رێبوار

سەرچاوە: Dailytelegraph

## لە نوێترین راپۆرتی پنتاگۆندا:

# بارودۆخی باشووری عێراق بەرەو خراپی دەچێت و ئێرانیش یارمەتییەکانی بۆ میلیشیاکان زیاتر دەکات

راپۆرتی : شەرقولئەوست

لە نوێترین راپۆرتی وەزارەتی بەرگری ئەمریکادا هاتووە کە بارودۆخی ئەمنی باشووری عێراق بەرەو خراپی دەچێت وهێرشەکانی میلیشیا شیعەکانیش زیاتر دەبن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە بەغدایان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی کە رووبەرووی هێزەکانی ئەمریکا و عێراقی نەبنەوە.

ئەو راپۆرتە کە راپۆرتێکی وەرزی پنتاگۆنە ئاماژە بەوەدراوە کە بارودۆخی ئەمنی لە باشووری عێراق لە مانگی ئابدا ئاڵۆز بووە و بەرەو خراپی دەچێت و بەتایبەتیش لەگەڵ تیرۆرکردنی دوو پارێزگاری شارەکانی باشووردا. لەوانەشە تۆڵەسەندنەوە و زیادبوونی توندوتیژی شیعی - شیعی فراوانتر بێت و هەموو باشووری عێراق بگرێتەوە، کەچی لە ماوەکانی رابردوودا توندوتیژی لە باشوور بەتەنیا لە شاری بەسرا بوو.

راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە ئێران مەشق پێکردن و پارەدارکردنی میلیشیاکانی شیعەی چڕتر کردۆتەوە و قەناعەتێکی واش بڵاوبۆتەوە کە ئەو دوو پارێزگارەی تیرۆر کران میلیشاکانی سەر بەئێران ئەنجامیان دابێت. ئەمە سەرەڕای زیاتر بوونی رێژەی هێرشەکان کە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی نێوان ناوەڕاستی مانگی شوبات و ناوەڕاستی مانگی ئایاری رابردوودا گەیشتۆتە رێژەی (40%) کە چەکی وێرانکەری تێدا بەکار دێت.

راپۆرتەکە هەروەها رای وایە کە لەگەڵ زیاتر بوونی هێرشەکانی توندوتیژی لە باشوور، شیمانەی رازی بوونی سەرکردە سیاسییەکان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان زۆر لاوازبووە. راپۆرتەکە دەڵێت "لەمودای کورتدا سەرکردە سیاسییەکانی عێراقی زۆر پەرۆشی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی نابن بە بەراورد لەگەڵ زیاتر کردنی هێزەکانی خۆیان بۆ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ ململانێیەکانی دوارۆژیان لە پێناو دەسەڵاتدا.

راپۆرتەکە بە وردی پێشکەوتن و دواکەوتنەکانی باسکردووەوتیشکی خستۆتە لایەنە ئیجابییەکانی وەکو کەمبوونەوەی توندوتیژی تائیفی تەقینەوە گەورەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەی هێرشەکان لە ئایاری رابردووەوە گەیشتە (5200) هێرش و لەمانگی ئابیشدا کەمبوویەوە بۆ (3500- 4800) هێرش، کە بەپێی رای راپۆرتەکە ئەو چاکبوونێکی جەوهەرییە لە بارودۆخی ئەمنی.

هەروەها راپۆرتەکە حاڵەتی کوشتن و بریندابوون لە مانگی حوزەیران لە (130) کوژراو و بریندارەوە بۆ (150) کوژراو بریندار لە مانگی تەممووز و ئابدا بەرز بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەدەنییانەی کە رووبەڕووی کوشتن و بریندار بوون بوونەتەوە لەچاو کوژران و بریندابوونی هێزەکانی ئەمریکا و عێراقی، زیاتر بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو تەقینەوە گەورانەی کە رێکخراوی قاعیدە لە ناوچە گوندنشینەکانی عێراق ئەنجامی داوە.

بەپێی ئەو راپۆرتەش، بەغدا هەر وەکو ناوچەیەکی پڕ لە توندوتیژی لە عێراق دەمێنێتەوە، لە کۆتاییەکانی مانگی ئایار و تەممووزی رابردوو رۆژانە (58) هێرش لەبەغدا ئەنجام دەدران، بەڵام ئەو هێرشانە لە ئەنبار لە نێوان مانگی شوبات و ئایاری رابردوودا زۆر بە خێرایی کەمبۆوە ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی هەوڵی عەشائیرە سونییەکان لە دەرکردن و شەڕکردنیان لەگەڵ چەکدارەکانی قاعیدە دا و هەروەها چەکدارکردنی عەشائیرەکان و یەکخستنیان لەنێو هێزەکانی ئەمنی عێراق وەکو بەشێک لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت وەدەست هاتووە کە ئەم رێگایەش بوەتە تاکە هیوای عێراقی ئەمڕۆ. توندوتیژی و ناسەقامگیری لە هەندێک لە شارەکانی باشووریش رەنگدانەوەی بەهێزبوونی سوپای مەهدی سەربە موقتەدا سەدرە. راپۆرتەکە لەم بارەیەوە دەڵێت" زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی سوپای مەهدی بووتە هۆی زیادبوونی ژمارەی هێرشەکانیان لەسەر هێزەکانی ئەمنی عێراقی ئەم هەنگاوەشیان لەگەڵ هاتنی سوپای مەهدی لە بەغداوە بۆ ناوچەکانی باشوور دێت کە بەهۆی ئەوەی پلانی چەسپاندنی یاسا لە بەغدا جێبەجێکراوە و سوپای مەهدیش نەیوستوە بەرەنگاری هێزەکانی ئەمریکی ببێتەوە، بەغدایان بەجێ هێشتووە.

لە بەسراش کە (90%) نەوتی عێراقی لێ رەوانەی دەرەوە دەکرێت، بەهۆی کەمبوونەوەی هێزەکانی بەریتانیاوە بووەتە ناوەندی ململانێی هێزەیاخیبووەکان بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی شارەکە، میلیشیاکان لەو شارەدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی چەکدارانی سوپای مەهدی و رێکخراوی بەدر و حزبی فەزیلە کاروکردەوەی توندوتیژی زیاتر بووە. لەهەمانکاتیشدا راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە هێزەکانی ئەمنی عێراقی تا ئێستاش بەدەست دەستێوەردانی هێزەکانی تائیفییەوە دەناڵێنێت.

پنتاگۆن وای دەبینێت کە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گرنگی باشووری عێراق و بەغدا لەلایەن میلیشیاکانی شیعە و ململانێ لەگەڵ هێزەکانی عێراقی بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت و بڕوای خەڵکی و لەهەندێک حاڵەتیشدا هێزەکانی ئەمنی عێراقی خۆیان هەڵسوکەوتیان تائیفی دەنوێنن.

لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموارەو ئیفلیجبونی کارەکانی حکومەتی عێراقی، چین و توێژێکی زۆری خەڵکی عێراقی بڕوایان بە حکومەت نەماوە.

راپۆرتەکە باس لەوەش دەکات کە پاڵپشتییەکانی ئێران بۆ توندڕەوانی شیعە گەورەترین کۆسپە لەبەردەم بەدی نەهێنانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراقدا و زۆربەی تەقینەوەکانیش لە رێگای ئەو گروپانەوە دێت کە شەڕی هێزەکانی ئەمریکا و عێراق دەکەن و لەلایەن هێزی قودسی سەربە فەیلەقی پاسدارانی ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن.

سەرەڕای ئەوەی کە راپۆرتەکە جەخت لەسەر بەردەوامبوونی دەستێوەردانی ئێرانی لەعێراق دەکات، کەچی ژەنەراڵی خانەنیشنکراو جۆن ئەبی زەید سەرکردەی پێشووی هێزەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرەنگاربوونەوەی ئێران بەهۆی نزیکبوونەوەی لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی پێویستە و شەڕیش لەگەڵ ئێراندا دەبێت وەکو دوا چارەسەر بیری لێبکرێتەوە. ئەبی زەید ئەوەشی راگەیاند کە ئەمریکا دەتوانێت ئێران بشکێنێت و پێویستە لەم رووەش فشاری زیاتر بخاتە سەر ئێران بۆ وازهێنان لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمییەوە.



کۆتایی هەفتە

نووسەرانی کوردستان راپۆرت هەموو هەفتەیەک دەینووسن

# پارە لە کوێ دێنێ با بێنێ

لە چ ئاستێکدا دەستی پێبکرێت، یاخود لە کوێ و چۆن کۆتایی پێبهێنرێت، گرنگە. لە راستیدا هەردووکیشیان هەر گرنگن، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت بە راستی دەستنیشانی چەمکەکان بکات. هەروەها لە روانگەی ئەمەوە کێشە سەرکییەکان دەستنیشان بکات.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە نۆرەی نۆڕینگەی پزیشک بووم، خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانیدا وەستا بوون. وەکو هەر جار باسوخواس لە کێشەکانی رۆژانەی ژیانی خەڵک هاتە پێشەوە لە نەبوونی کارەبا، بێکاری، نەبوونی مووچە، گرانی بازاڕ و داودەرمان ..تاد. لە ئەنجامدا گەنجێکی تەمەن (25) – (30) ساڵی هاتە زمان، وتی "دەبێ حکومەتی ئێمەش وەکوو ئیمارات و دوبەی بکات". من نازانم ئەو گەنجە دوبەی بینیوە، یاخود لە بازرگانەکانمانەوە چیرۆکی شیرینی دوبەی بیستووە. بەڕاستی من ئیمارات ودوبەیم نەبینیوە، بە تەمای بینینیشیان نیم، منیش ویستم بزانم "ئیمارات و دوبەی چ دەکەن"، وتی "چۆن چ دەکەن، خەڵکەکەیان لە ماڵەوە پاڵیانداوەتەوە و حکومەتیش مووچەی زۆر باشیان دەداتێ". منیش بەلامەوە تێگەیشتنێکی وەها سەیربوو، وتم "ئەی باشە ئەم حکومەتەی ئێمە ئەم هەموو پارەیە لە کوێ بێنێت". وتی "من نازانم لە کوێ دێنێ بابێنێ ئەی بۆچی حکومەتە، ئەی باشە نەوتمان نییە". لە راستیدا ئەم گەنجە دەیەوێت ئەمە بێژێت کە "لە کوردستاندا سەروەتی نەوتمان زۆرە، با حکومەت لەم بارەوە پرۆژە پێشبخات، نەوتی خۆمانە و دەبێ بۆ خۆمان بێت". بەڵام لەوانەیە نەیتوانی بێت وەکوو پێویست بیرۆکەی خۆی بێنێتە سەرزمان.

من بۆیە ئەو گەنجەم وەبیرهاتەوە چونکە هەمان تێگەیشتن، بەڵام بە ئاوازێکیتر لە وەزیرێکی ئەم حکومەتەی خۆمان بەر گوێم کەوت، دەڵێت "من دەست بە پارەوە ناگرم،و... لە کوێ دێنێت بابێنێ". راستە لە کوێ دێنێ بابێنێ، بەڵام چۆن دێت و چۆن بێت. ئەم گەنجە باس لە هەبوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوتی کوردستان دەکات، بە ئاشکرایی، بۆ ئەوەی حکومەت ئەم سەرچاوانە بۆ خەڵکی کوردستان بگەرێنێتەوە. بەڵام وەزیر بەم راشکاوییە باس لەم سەرچاوەیە ناکات. بۆچی؟ من نازانم.

ئیدی پارە ئەوندە خۆشەویست بووە، لە سەرزەوی نەماوەو خۆشەویستییەکەی چووەتە ئاسمان. بووەتە موویەکی باریک بە ناوچاوانی شێرێکی کێوییەوەیە. پارە ئەوەندە بە هێز بووە، هیچ یاسا و رێسایەکی ئەم سەرزەمینە ناناسێت، بەیانی زوو لە گیرفانی بن لادێنەوە بۆ تەقاندنەوەیەکی خۆکوژی دەردەچێت و رۆژی دوایی، هەمان ئەم دۆلارە دەچێتە سەر ژمارەی کۆنتۆی بۆش لە واشنتۆن. بەراستی سەیرە، هیچ کەس دوژمنی نییە و دوژمنی هیچ کەسیش نییە. بۆ کەس نابێتە ماڵ و کەسی خۆش ناوێت، بەڵام هەر کەس لە عەشقی ئەودا سەوداسەر بووە.

لە دونیادا ئەو کەسە پێنپێنانە بە پارە دەکات، کە لە کارو پرۆژەکەیدا قازانجێکی باشی کردووە، ئینجا دوای دانی باجەکەی بە دەوڵەت سەربەستە. لە راستیدا پارە بە پلەی یەکەم نایەت، کەسێک کەخاوەنی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنەر بێت، هەمیشە پارەی دەبێت. بە پێچەوانەی ئەمەوە، زەحمەتە.

من وا لەو گەنجە تێگەیشتم کە لە ژیانی خۆیدا هێشتان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی پرۆژەیەکی وەها کە ژیانی پێی هەڵسورێت، بۆیە چاوی لە دەستی حکومەتە،گەر لە بواری هەستسۆزییەوە بڕوانین، دەکرێ بڵێین ئەمە مافی خۆیەتی. هەروا لەو وەزیرەش وەها تێدەگەم کە خۆی لە دەرەوەی حکومەت دەبینێت، بۆیە بۆی گرنگ نییە سەرچاوەی پارە لە هەر کوێیەک بێت.

چەمکەکان زۆر لە یەکتر نزیکن، ئەوەی لێرەدا خۆی دەسپێنێت ئەوەیە کە تاکی کورد خۆی لە بەرامبەر تێکڕای کێشەکانی کۆمەڵگا بەرپرس نابینێت. ئینجا چ هاووڵاتییەکی ئاسایی، یاخود کەسێکی پایەبەرزی ناو کاروباری حکومەت بێت.

لەم وڵاتەدا دوو ئۆڵگوی دژەبەر بە شێوەیەکی زۆر خێرا پەرەدەسێنن. یەکێکیان خەرجکردنی سەروەت و سامانی وڵاتە، وەک ئاو. دووەمیشیان دوورکەوتنەوەی هێزی بەرهەمهێنەری تاکی کۆمەڵگەکەمانە لە کاری بەرهەمهێنان. ئەم دوو رەوشە دژەبەرە، گەر بێتوو بەو خێراییەوە رووبەرەیەکەیان بپێون، ئەم وڵاتە بەرەو کارەساتێک دەبەن، چونکە وەک دەردەکەوێت، ئەم چەمکە لە ناو دەسەڵات و کۆمەڵگادا فەرمانڕەوایە. دیارە کۆمەڵگای ئێمە لە رووی چەمکی بەرهەمێنان و بەکارهێنانی ئەمهاوچەرخە،وشیارنەکراوەتەوە. لەم رووەوە پێویستی بە ریفۆرمێکی زانستیانەی سەرتاسەری هەیە. بەرپرسێتی دەسەڵات لە بەرامبەر کۆمەڵگا، هەروا بەرپرسێتی تاک و کۆی کۆمەڵگا لە گشت بوارێکەوە لە بەرامبەر دەسەڵات چییە، زێدە روون و ئاشکرا نییە. بۆیە وەزیریش دەستی پێوە نگرێت و بۆی گرنگ نییە چۆن و بە چ شێوەیەک دێت، هەروا تاکی کۆمەڵیش بە پاڵدانەوەو بە بێکارکردن، ئارەزووی ژیانێکی ئیماراتی دەکات.

سدیق حەسەن شوکری